# کۆنگرەی ڕفراندۆم

# بۆ سەربەخۆیی کوردستان/ سلێمانی

---

**بۆ بەڕێز عمر فتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی**

**دوای سلاو...**

**لەبەرواری 2005/5/5بەفەرمانی شخصی خۆتان ڕێبوار عارف بەرپرسی کەمپینیدادگایی کردنی صدامو سەرانی بەعس زیندانی کراوەو، تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکتان لەگەڵ نەکردوەو هیچ تۆمەتێکیشتان ئاڕاستە نەکردوە، هەروا بێ حساب کردن بۆ هەستو نەستی ئینسانی ڕێبوار عارفو کەسوکارو هاوڕێکانی، بێباکانە لێگەڕاون بەقەولی ئاسایشەکەی خۆتان تا بێزار ئەبێتو ناچار ئەبێت کە تەنازول بکات!!.**

**ئەم کردەوەو ڕەوشتە هەر لەودەزگایانە ئەوەشێتەوە کە بەمانای ووشە سەرکوتگەرو دژە ئینسانین، کە ئامادەن هەزاران کەس بکەنە قوربانی لابردنی یەکێك لەپەڵە ئاشکرابووەکانیان، هەزاران دەنگ کپ ئەکەن لەژێر ناوی "پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی"و"پاراستنی سەروەرییەکان"و هیچ ڕێزێکی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیو ئازادی ڕادەربڕینو کاری ڕۆژنامەنوسی ئازادیان لانییە. کە بەداخەوە هێزەکانی ئێوە بەم شێوەیە ڕەفتار ئەکەن.**

**ئەوەتا هەر بەهۆی کردەوەکانی هێزەکانتانەوە ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناشیونالْ ئەمساڵیش نامەی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ دا ئاڕستە کردون، ئەمە جگە لە نامەی دەیان ڕێکخراوو دامەزراوەی مەدەنیو داکۆکیکەر لەمافەکانی مرۆڤ لەجیهانداو نامەی ناڕەزایەتی ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنوسانو خوێندکارانی خەڵکی کوردستان، کە هەر هەموویان داواتان لێدەکەن کە ڕێز لە ئازادییەکانو مافەکانی مرۆڤ بگرنو ڕێبوار عارف ئازاد بکەن،**

**ئێوە ئەزانن کە ڕێبوار عارف هیچ تاوانێکی ئەنجامدنەداوە جگە لەوەی کە ئەو لە ڕێپێوانێکی هێمنانەو مەدەنیانەی خوێندکاران پشتیوانی کردوەو قسەی بۆ کردون، وە هاوکات ئێوە تێکۆشەرێکتان زیندانی کردوە کە لە سەردەمی بەعس لەسەر هەڵسوڕانی سیاسی مەحکوم بووە بە ئیعدام، ئەمە وێڕای ئەوەی کە بەرپرسی کەمپینێکە کە تائێستا نزیکەی نیو ملیۆن ئیمزای بۆ دادگایی کردنی صدامو سەرانی بەعس کۆکردۆتەوە، وەبەو هۆیەوەیشی کە سکرتێری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقییە لەدەرەوەی وولات تا ئێستا بەهۆی پشتیوانی کردنی ڕێکخراوەکەیەوە توانیویەتی مافی پەنابەرێتی سیاسی بۆ سەدان کەس وەربگرێت. بۆیە درەنگ یا زوو ئەبێت ئازاد بکرێت، بەڵام بەوئەندازەیەی کە ڕێبوار عارف لەزیندان ڕابگیرێت بەهەمان ئەندازە کارگەری خراپ دەکاتە سەر سومعەی سیاسیتانو لەئاستێکی فراوانتردا مصداقیەتی قسەی ڕۆژانەتان ئەخاتە ژێر پرسیارەوە.**

**ئێمەش لە کۆنگرەی ڕیفراندۆم بەو پێیەی کە ڕێبوار عارف ئەندامی کۆنگرەکەی ئێمەیەو بەنوێنەرایەتی ڕێکخراوەکەی ئێمە قسەی بۆ خوێندکاران کردوە، داواتان لێدەکەین کە ڕێبوار عارف ئازاد بکەنو ڕێز لەئازادی هەڵسوڕانی سیاسیو ئازادی بیروڕا بگرن، ئەمە تەنها ڕێگەیە لەبەردەمتان کە بەقازانجی خۆتان بێت.**

**لەگەڵ سلاوی دووبارە.........**

**زمناکۆ عزیز ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

2005/5/10